رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-4-2007 1:39

# پیرۆزبوون تا پلەی بە خودابوون ... بەمۆ جاف

ئێمە کورد میللەتێکین هەرگیز نەمانتوانیوە وەك میللەتانی دیکەی دونیا کراوەو یەکدیو بین.. بۆیە ئەمە وایکردووە هەمیشە لایەنی عاتیفە بەسەر بیرو هۆشماندا زاڵبێ. بێگومان ئەمەش وادەکات باجی داگیرکەران و دۆستەکانیشمان بدەین.

هیچ شتێك نییە لەم دونیایەدا تا پلەی فەنابوون پیرۆزبێت، جگە لە خودا دەبێ دواجار ئێمەی مرۆڤ تاقە شتێك کە دەیپەرستین و پیرۆزە لامان، خودابێت، واتە هیچ کائینێکی سەر زەمین پیرۆز نییە، پیرۆزییەك کە مانای پەرستن، بێهەڵە، کامڵ، بەهێز، نەگۆڕاوی تێدابێ. شتێك پیرۆزە کە قودرەتێکی گەورەو بەهێزی هەبێ و بتوانێ لەودیو سروشتەوە دەستی لە گۆڕانکارییەکاندا هەبێ و چی بوێ بیکا، واتە پیرۆزی ئەوە نییە کەسێك قارەمانی جەنگە یا گەورەترین خزمەتی بەم وڵاتە کردوو، ئیدی ئێمە وایلێبکەین، کە خۆی لە یادبچێتەوەو کەسیش نەتوانێ بڵێ (بەری چاون کلی پێوەیە!) . دەمێکە ئێمە ئەناڵێنین بەدەست ئەوانەی کە بەلامانەوە پیرۆزن.. ڕەخنەکردنیان وەك ئەوەیە دەستکاری سوورەتێکی قورئانمان کردبێت!

نیشتمان کە زادگای ئێمەی کوردە، جیایە لە شتەکانی دیکە، بوونی ئێمەیە، چونکە دواجار نیشتمانە، کە پەناو داڵدەمان دەدات تێیدا بحەوێینەوە، هەر بۆیەش بە درێژایی مێژووی سیاسی و شۆڕشەکانی کورد، مرۆڤی سەر ئەم نیشتمانە ئامادەی خۆبەختکردن بووە، لە پێناوی نیشتمانەکەیدا، واتە نیشتمان هێندە پیرۆز بووە، پلەیەکی بەرزی وای هەبووە، لە بیری هەموو تاکێکدا، کە ئامادەی خۆبەکوشتدان بووە بۆی، چونکە لە ڕاستیدال ئەگەر تۆ نەتوانی یەکێك لە هەرە پیرۆزترین شتەکانی ژیانت، کە نیشتمانە بیپارێزیت، هەموو بەها ئەخلاقی و شتە جوانەکانی ژیانت هەیە، ئەیاندۆڕێنی.. دۆڕان بە ماناکانی لەدەستچوونی (ئازادیی، یەکسانیی، سەروەریی خود.. ) کە نیشتمان کەوتە بەر ئاگری داگیرکردن، ئیدی تۆ دەبێ خۆت بە مرۆڤێکی دۆڕاو، تەنیا، مردوو بێبەها تەماشا بکەی، بەڵام دەبێ ئەم پیرۆزییەی نیشتمان بەشێوەیەك لە شێوەکانی ژیانت بچەسپێت، کە هەمیشە ئومێدی ئەوەت پێبدات، کە ئامادەکی خۆبەختکردن و بەرگریکردنت تیابێت، بۆ پاراستنی ئەو پیرۆزییە گەورەیەی ژیانت.

بەداخەوە لەمڕۆی ژیان و دنیای کوردیدا، پیرۆزبوون لە زیهنی هەموو تاکێکی کوردیدا، لە پیرۆزی خوداو نیشتمانەوە بووە بە پیرۆزی حیزب، پارە، ئۆتۆمبێل، تەلاری بەرزو.. واتە هەموو بنەما نەتەوەیی، مێژوویی، کەلتوورییەکانی خۆمان لە یادکردووە.

حیزب لە وڵاتی ئێمەدا هێندە پیرۆز بووە، ئەگەر بە پێش چاومانەوە ئاڵای پیرۆزی کوردستان، کە سەدان ساڵە خوێنی بۆ دەڕێژین، بسوتێنرێ، هێندە گوێی نادەینێ، بەڵام ئەگەر گاڵتە بە ڕەنگی ئاڵای حیزبەکەمان بکرێ، ئەوە ڕەمزی حیزب ئەتککراوەو پێویستە لە بەرامبەر ئەوەدا سزادان هەبێ.

کارەساتە کایەی پەروەردەیی وڵاتی ئێمە تا ئێستایش خوێندکار بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاراستە دەکات، کە مامۆستا دەبێت کائینێکی پیرۆزبێت، بەچەشنێکی وا، کە قابیل نییە بە هەڵەو گۆڕان، بۆیە هەمیشە وا خوێندکار فێرکراوە، کە ئەگەر مامۆستایش تاوانێکی بەرامبەر بکات، ئەوا هەر ئەوی خوێندکار تاوانبارە! ئەمەش تەواو لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە، لەگەڵ ئەوەی کە بە پیرۆزبوون ناومان بردووەو وەچە بە وەچەی ئێمە خراپتر تێدا ڕەگ دادەکوتێ.

لە ئەمڕۆ ئەم فەزا ئازادەی کوردستاندا، نەوەکانمان بەشێوەیەك پەروەردە دەکەین، کە حزب و سەرکردەی حزب دوو شتی پیرۆزی دانەبڕاون لە ژیانمان، واتە هێندە سەرکردەکانمان پیرۆز ئەکەین، کە ڕەخنەکردنیان قابیل نییە، ڕەخنەیەك کە بتوانێ ئەوان ناچاری خوێندنەوەی ئەو ڕەخنەیە بکات. یەکێك لە کێشەکانی بە پیرۆزکردن (پیرۆزبوون) ئەوەیە، کە بەداخەوە زۆرێك لە ڕۆشنبیران و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نووسەرانمان هێندە شتە بچووکەکان پیرۆز دەکەم، زۆرێك جار دەکەونە حاڵەتی درۆکردنەوە. درۆکردن بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئامانجەی خۆی، ئیتر ڤیروسیا لە لەدەستچوونی هەموو بەهاو پیرۆزییەکانی نیشتمان. ئەوەتا تا ئێستا سەرکردەی وامان هەیە، بەهۆی جەختکردنەوەی نووسەران و ڕۆشنبیرانمانەوە، خەریکە دەکرێتە یەکێك لە پیرۆزییەکان و تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوە، تا ئێستە کەس ناوێری لێکۆڵێنەوەی جیدیی لەسەر ژیان و شێوازی حوکمکردنی ئەو سەرکردەیە بنووسێ و بدوێ. خۆ ئەگەر کەسێك وێرای و ئەوەی کرد، پێویستە پێش ئەوەی خۆی ئامادە بکات، بۆ دەیان قسەی نابەجێ و جنێو و تەشهیرکردن.. !

جا بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو، تەنها شتێك کە بەلایانەوە پیرۆزبێت، بریتیبێ لە نیشتمان، دەبێ حکومەت و هەمیش خێزانەکان هاوکار بن، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو نەوەیەکی یەکلاو زرنگ و چالاك بن، بتوانێ ڕەخنە بگرێ، قسە خۆی بکاو پەنجە لەسەر کەموکورتییەکان دابنێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.